**ئەم کاتەتان باش،**

**لەپێناو پاراستنی منداڵانی کوردستاندا، تکایە هاوکارمان بن لە بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازەماندا، بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیڵەوە:**

**هادی ئەمین ٠٧٧٠٢٢٠١٨٩٨**

hadi.ameen@gmail.com

**سوپاس**

## بەیاننامەی کۆمەڵێک توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی کوردستان لەبارەی دراما کۆرییەکان

## منداڵانی کوردستان بپارێزن لە شمشێرو تیری دراما کۆرییەکان!

ماوەیەکە هەندێک کەناڵی تەلەفزیۆنی لە کوردستان، هەڵدەستن بە پەخشکردنی زنجیرەی دۆبلاژکراوی کۆری، کە لەبەشێک لەو زنجیرانەدا خوێنڕشتنو توندوتیژی بەدیدەکرێتو هەندێک لە گەورەو بچووکی خەڵکی کوردستانیش سەیری ئەو فیلمو درامایانە دەکەن.

**ئێمە وەک کۆمەڵێک توێژەری کۆمەلایەتیو دەروونی، بەپێویستمانزانی ئەم راگەیەندراوە بۆ رای گشتیو کەناڵەکان بخەینەروو، و هەڵوێسەیەک بکەین.**

لای هەمووان روونە، کە لەم سەردەمەدا تەلەفزیۆنو هۆکانی دیکەی راگەیاندن رۆڵی بنەڕەتییان هەیە لە پەروەردەکردنو پێگەیاندنی کەسێتی منداڵ، بۆیە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بەرپرسیارن، بەرامبەر بە نەوەی داهاتوو.

تەماشاکردنی فیلمو دراما توندوتیژەکان بەگشتی کاریگەری سلبیان هەیە لەسەر لایەنی دەروونیو رەفتاری منداڵان، چونکە لای منداڵ توانا عەقڵییەکان پێنەگەیشتووەو زۆربەی رەفتارەکانی بەهۆی لاساییکردنەوە ئەنجامدەدات، بۆیە تەماشاکردنی درامای توندوتیژئامیز رۆڵی سلبی دروستدەکات لەسەر منداڵانو وایان لێ دەکات کە لاسایی دیمەنو مەشهەدە توندوتیژەکان بکەنەوەو کاری توندوتیژ ئەنجامبدەن، و زیان بەیەکتر بگەیەنن، بێئەوەی هەستبکەن کە رەفتارەکەیان زیانبەخشە.

هەروەها لەبەر نەبوونی هۆشیاری و ژووری تایبەت بە منداڵان، لای بەشێک لە خێزانەکانیش وادەکات کە رێگەبدەن، منداڵەکانیان تەماشای ئەو فیلمانە بکەن.

بۆیە بەرای ئێمە، بەرپرسیارێتییەکی گەورەو مێژووی لەسەر کەناڵەکانی تەلەفزیۆن هەیەو بۆیە پێشنیاردەکەین:

**١- لەکاتی پەخشکردنی ئەو فیلمو درامایانەی کە کوشتنو خوێنڕشتنو توندوتیژیی کردایو گوفتارییان تیایە، بەبەردەوامی لەسەر فیلمەکان بنوسن، کە تەماشاکردنی ئەم فیلمانە بۆ منداڵ گونجاونییە.**

**٢- ئەکرێت ئەو جۆرە فیلمو درامایانە لە کاتێکدا پەخشبکەن کە زۆربەی منداڵان نوستون، ئەگەر بکرێت لە کاتژمێر ١٢ی شەو بەدواوە پەخشبکرێن باشترە، هەرچەندە لامان روونە کە بەشێکی خێزانەکانی کوردستان، ژووری نوستنو نانخواردنو دانیشتنی زۆربەی ئەندامانی خێزانیان یەک ژووری هاوبەشە.**

هاوکات داواکارین لە دایکان و باوکان کە ئاگاداری منداڵەکانیان بن، بۆئەوەی تەماشای ئەو فیلمو درامایانە نەکەن کە نەشیاوە، بەتایبەت ئەوانەی کە منداڵ فێری توندوتیژی رەفتاریو گوفتاری دەکەن.

هەروەها داواکارین لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی پۆلیس، کە رێگریبکەن لە هاوردەکردنی شمشێرو تیرو تەقەمەنی کە لە هەندێک لە فرۆشگاکان بە منداڵان دەفرۆشرێن و دواجار دەبێتە زیان و کێشە بۆ منداڵان.

منداڵانی کوردستان نەوەی دوارۆژی میللەتەکەمانن، پێویستە کەشی منداڵانەیان بۆ برەخسێنرێت بۆ پەروەردەکردنیان، نەک ناچاربکرێن تەماشای فیلمی گەورەساڵان بکەن و لاسایی ژیانی گەورەساڵان بکەنەوە.

## ناوەکان:

**جێگر سلێمان**

**حازم عەلی**

**حەلیمە فەتاح**

**کارزان موحەممەد**

**کاروان بابەکر**

**نەبەز ئەحمەد**

**هادی ئەمین**

**هاوڕێ ئەکبەر**

**هێمن ساڵح**

**هێمن ئەحمەد**

**هەرێم ئیرمان**

**سیروان کاوسی**

**ئەم كاتەتان باش،**

**لەپێناو پاراستنی منداڵانی کوردستاندا، تکایە هاوکارمان بن لە بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازەماندا، بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیڵەوە:**

**هادی ئەمین ٠٧٧٠٢٢٠١٨٩٨**

hadi.ameen@gmail.com

**سوپاس**

## بەیاننامەی کۆمەڵێک توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی کوردستان لەبارەی دراما کۆرییەکان

## منداڵانی کوردستان بپارێزن لە شمشێرو تیری دراما کۆرییەکان!

ماوەیەکە هەندێک کەناڵی تەلەفزیۆنی لە کوردستان، هەڵدەستن بە پەخشکردنی زنجیرەی دۆبلاژکراوی کۆری، کە لەبەشێک لەو زنجیرانەدا خوێنڕشتنو توندوتیژی بەدیدەکرێتو هەندێک لە گەورەو بچووکی خەڵکی کوردستانیش سەیری ئەو فیلمو درامایانە دەکەن.

**ئێمە وەک کۆمەڵێک توێژەری کۆمەڵایەتیو دەروونی، بەپێویستمانزانی ئەم راگەیەندراوە بۆ رای گشتیو کەناڵەکان بخەینەروو، و هەڵوێسەیەک بکەین.**

لای هەمووان روونە، کە لەم سەردەمەدا تەلەفزیۆنو هۆکانی دیکەی راگەیاندن رۆڵی بنەڕەتییان هەیە لە پەروەردەکردنو پێگەیاندنی کەسێتی منداڵ، بۆیە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بەرپرسیارن، بەرامبەر بە نەوەی داهاتوو.

تەماشاکردنی فیلمو دراما توندوتیژەکان بەگشتی کاریگەری سلبیان هەیە لەسەر لایەنی دەروونیو رەفتاری منداڵان، چونکە لای منداڵ توانا عەقڵییەکان پێنەگەیشتووەو زۆربەی رەفتارەکانی بەهۆی لاساییکردنەوە ئەنجامدەدات، بۆیە تەماشاکردنی درامای توندوتیژئامیز رۆڵی سلبی دروستدەکات لەسەر منداڵانو وایان لێ دەکات کە لاسایی دیمەنو مەشهەدە توندوتیژەکان بکەنەوەو کاری توندوتیژ ئەنجامبدەن، و زیان بەیەکتر بگەیەنن، بێئەوەی هەستبکەن کە رەفتارەکەیان زیانبەخشە.

هەروەها لەبەر نەبوونی هۆشیاری و ژووری تایبەت بە منداڵان، لای بەشێک لە خێزانەکانیش وادەکات کە رێگەبدەن، منداڵەکانیان تەماشای ئەو فیلمانە بکەن.

بۆیە بەرای ئێمە، بەرپرسیارێتییەکی گەورەو مێژووی لەسەر کەناڵەکانی تەلەفزیۆن هەیەو بۆیە پێشنیاردەکەین:

**١- لەکاتی پەخشکردنی ئەو فیلمو درامایانەی کە کوشتنو خوێنڕشتنو توندوتیژیی کردایو گوفتارییان تیایە، بەبەردەوامی لەسەر فیلمەکان بنوسن، کە تەماشاکردنی ئەم فیلمانە بۆ منداڵ گونجاونییە.**

**٢- ئەکرێت ئەو جۆرە فیلمو درامایانە لە کاتێکدا پەخشبکەن کە زۆربەی منداڵان نوستون، ئەگەر بکرێت لە کاتژمێر ١٢ی شەو بەدواوە پەخشبکرێن باشترە، هەرچەندە لامان روونە کە بەشێکی خێزانەکانی کوردستان، ژووری نوستنو نانخواردنو دانیشتنی زۆربەی ئەندامانی خێزانیان یەک ژووری هاوبەشە.**

هاوکات داواکارین لە دایکان و باوکان کە ئاگاداری منداڵەکانیان بن، بۆئەوەی تەماشای ئەو فیلمو درامایانە نەکەن کە نەشیاوە، بەتایبەت ئەوانەی کە منداڵ فێری توندوتیژی رەفتاریو گوفتاری دەکەن.

هەروەها داواکارین لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی پۆلیس، کە رێگریبکەن لە هاوردەکردنی شمشێرو تیرو تەقەمەنی کە لە هەندێک لە فرۆشگاکان بە منداڵان دەفرۆشرێن و دواجار دەبێتە زیان و کێشە بۆ منداڵان.

منداڵانی کوردستان نەوەی دوارۆژی میللەتەکەمانن، پێویستە کەشی منداڵانەیان بۆ برەخسێنرێت بۆ پەروەردەکردنیان، نەک ناچاربکرێن تەماشای فیلمی گەورەساڵان بکەن و لاسایی ژیانی گەورەساڵان بکەنەوە.

## ناوەکان:

**جێگر سلێمان**

**حازم عەلی**

**حەلیمە فەتاح**

**کارزان موحەممەد**

**کاروان بابەکر**

**نەبەز ئەحمەد**

**هادی ئەمین**

**هاوری ئەکبەر**

**هێمن سالح**

**هێمن ئەحمەد**

**هەرێم ئیرمان**

**سیروان کاوسی**

**ئەم کاتەتان باش،**

**لەپێناو پاراستنی منداڵانی کوردستاندا، تکایە هاوکارمان بن لە بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازەماندا، بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیڵەوە:**

**هادی ئەمین ٠٧٧٠٢٢٠١٨٩٨**

hadi.ameen@gmail.com

**سوپاس**

## بەیاننامەی کۆمەڵێک توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی کوردستان لەبارەی دراما کۆرییەکان

## منداڵانی کوردستان بپارێزن لە شمشێرو تیری دراما کۆرییەکان!

ماوەیەکە هەندێک کەناڵی تەلەفزیۆنی لە کوردستان، هەڵدەستن بە پەخشکردنی زنجیرەی دۆبلاژکراوی کۆری، کە لەبەشێک لەو زنجیرانەدا خوێنڕشتن‌و توندوتیژی بەدیدەکرێت‌و هەندێک لە گەورەو بچووکی خەڵکی کوردستانیش سەیری ئەو فیلمو درامایانە دەکەن.

**ئێمە وەک کۆمەڵێک توێژەری کۆمەڵایەتی‌و دەروونی، بەپێویستمانزانی ئەم راگەیەندراوە بۆ رای گشتی‌و کەناڵەکان بخەینەروو، و هەڵوێستەیەک بکەین.**

لای هەمووان روونە، کە لەم سەردەمەدا تەلەفزیۆن‌و هۆکانی دیکەی راگەیاندن رۆڵی بنەڕەتییان هەیە لە پەروەردەکردن‌و پێگەیاندنی کەسێتی منداڵ، بۆیە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بەرپرسیارن، بەرامبەر بە نەوەی داهاتوو.

تەماشاکردنی فیلمو دراما توندوتیژەکان بەگشتی کاریگەری سلبیان هەیە لەسەر لایەنی دەروونی‌و رەفتاری منداڵان، چونکە لای منداڵ توانا عەقڵییەکان پێنەگەیشتووەو زۆربەی رەفتارەکانی بەهۆی لاساییکردنەوە ئەنجامدەدات، بۆیە تەماشاکردنی درامای توندوتیژئامیز رۆڵی سلبی دروستدەکات لەسەر منداڵان‌و وایان لێ دەکات کە لاسایی دیمەن‌و مەشهەدە توندوتیژەکان بکەنەوەو کاری توندوتیژ ئەنجامبدەن، و زیان بەیەکتر بگەیەنن، بێئەوەی هەستبکەن کە رەفتارەکەیان زیانبەخشە.

هەروەها لەبەر نەبوونی هۆشیاری و ژووری تایبەت بە منداڵان، لای بەشێک لە خێزانەکانیش وادەکات کە رێگەبدەن، منداڵەکانیان تەماشای ئەو فیلمانە بکەن.

بۆیە بەرای ئێمە، بەرپرسیارێتییەکی گەورەو مێژووی لەسەر کەناڵەکانی تەلەفزیۆن هەیەو بۆیە پێشنیاردەکەین:

**١- لەكاتی پەخشكردنی ئەو فیلمو درامایانەی كە كوشتنو خوێنڕشتنو توندوتیژیی كردایو گوفتارییان تیایە، بەبەردەوامی لەسەر فیلمەكان بنوسن، كە تەماشاكردنی ئەم فیلمانە بۆ منداڵ گونجاونییە.**

**٢- ئەكرێت ئەو جۆرە فیلمو درامایانە لە كاتێكدا پەخشبكەن كە زۆربەی منداڵان نوستون، ئەگەر بكرێت لە كاتژمێر ١٢ی شەو بەدواوە پەخشبكرێن باشترە، هەرچەندە لامان روونە كە بەشێكی خێزانەكانی كوردستان، ژووری نوستنو نانخواردنو دانیشتنی زۆربەی ئەندامانی خێزانیان یەک ژووری هاوبەشە.**

هاوكات داواكارین لە دایكان و باوكان كە ئاگاداری منداڵەكانیان بن، بۆئەوەی تەماشای ئەو فیلمو درامایانە نەكەن كە نەشیاوە، بەتایبەت ئەوانەی كە منداڵ فێری توندوتیژی رەفتاریو گوفتاری دەكەن.

هەروەها داواكارین لە لایەنە پەیوەندیدارەكانی پۆلیس، كە رێگریبكەن لە هاوردەكردنی شمشێرو تیرو تەقەمەنی كە لە هەندێک لە فرۆشگاكان بە منداڵان دەفرۆشرێن و دواجار دەبێتە زیان و كێشە بۆ منداڵان.

منداڵانی كوردستان نەوەی دوارۆژی میللەتەكەمانن، پێویستە كەشی منداڵانەیان بۆ برەخسێنرێت بۆ پەروەردەكردنیان، نەک ناچاربكرێن تەماشای فیلمی گەورەساڵان بكەن و لاسایی ژیانی گەورەساڵان بكەنەوە.

## ناوەكان:

**جێگر سلێمان**

**حازم عەلی**

**حەلیمە فەتاح**

**كارزان موحەمەد**

**كاروان بابەكر**

**نەبەز ئەحمەد**

**هادی ئەمین**

**هاوڕێ ئەكبەر**

**هێمن ساڵح**

**هێمن ئەحمەد**

**هەرێم ئیرمان**

**سیروان كاوسی**